# بەش باخچەی منداڵان

# کۆلێژ پەروەردەی بنەڕەتی

# زانکۆ: سەلاحەددین-هەولێر

# بابەت: سایکۆلۆژیای بلیمەتەکان

# پەرتووکی کۆرس: قۆناغی چوارەم - کۆرسی یەکەم

# ناوی مامۆستا: چیمەن همزە درویش - مامۆستای یاریدەدەر

# ساڵی خوێندن: ٢٠٢٢-٢٠٢٣

# پەرتووکی کۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| ١. ناوی کۆرس | سایکۆلۆژیای بلیمەتەکان |
| ٢. ناوی مامۆستای بەر پرس | م. ی چیمەن همزە درویش |
| ٣. بەش/ کۆلێژ | باخچەی مندالان / پەروەردەی بنەڕەتی |
| ٤. پەیوەندی | ئیمێل: chiman.drwish@su.edu.krd<br>ژمارەی تەلەفۆن: ٠٧٥٠٤٣٠٤٧٠٤ |
| ٥. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک | تیۆری: ٤ کاتژمێر<br>پراکتیك: نیە |
| ٦. ژمارەی کارکردن | ( ٤ ) چوار کاتژمێر لەهەفتەیەکدا |
| ٧. کۆدی کۆرس | |
| ٨. پرۆفایەلی مامۆستا | لەساڵی خوێندنی ٢٠٠٨ - ٢٠٠٩ بڕوانامەی بەکالۆریۆسم لەبەشی زمانی کوردی/کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سەلاحەددین بەدەستهێناوە. لەساڵی ( ٢٠٠٩ ) وەك یاریدەدەری توێژەر لەبەشی زمانی کوردی هەمان کۆلێژ دەست بەکاربووم بۆ ماوەی ( ٣ ) ساڵ. خولی توانستی کۆمپیوتەر و خولی زمانی ئینگلیزی وەك پێداویستیەك بۆ وەرگیران لەخوێندنی باڵام بینی , لەساڵانی ٢٠١٣/٢٠١٢ لەخوێندنی ماستەر وەرگیرام لەهەمان کۆلێژ و زانکۆ. بڕوانامەی ماستەرم لەبواری ( ڕێگاکانی وانەوتنەوەی زمانی کوردی ) لەبەرواری ( ٢٠١٥/٣/٤ ) بەدەستهێنا , لەبەرواری ( ٢٠١٥/٣/٣١ ) نازناوی زانستیم وەرگرت بەناونیشانی ( مامۆستای یاریدەدەر ) , ئێستاش وەك مامۆستایەك لەبەشی باخچەی مندالانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی/ زانکۆی سەلاحەددین کاردەکەم. |
| ٩. وشه سەرەکیەکان | **بەهرە ، بلیمەت ، داهێنان ، مندالی بەهرەدار ، ئەقلی باڵا** |

**١٠. ناوەرۆكی گشتی كۆرس:**

**مەبەست لەخوێندنی ئەم بابەتە ئاشناكردنی قوتابیانە بەبوارێكی گرنگ و تایبەتمەندیەكی گرنگی ژیانی منداڵە ئەویش بەهرەیە, هەروەها زانینی چەمكەكانی بەهرە و داهێنان و منداڵی بەهرەمەند و منداڵی بلیمەتە هەروەها دەرخستنی پەیوەندی نێوان چەمكی زیرەكی و بەهرەیە.**

**لەلایەكیتر ئاشناكردنی قوتابیانە بەجۆرە سەرەكیەكانی بەهرە و خستنەڕووی هەریەك لەجۆرەكان لەلایەكیتر شارەزابوونیانە بەهۆكاری گرنگیدان بەمنداڵی بەهرەمەند و داهێنەر و ئاماژەكردن بەو زانایانەی كوگرنگیان بەم بوارە داوە.**

**هەروەها ئاشناكردنی قوتابیانە بەپۆلێنكردنەكانی ئەقڵی باڵا و بەهرە لای چەند زانایەكی ئەم بوارە و خستنەڕووی خاڵی هاوبەش و جیاوازی نێوان ئەم زانایانە. دوای ئەوە ئاماژەكردن بەڕەهەندەكانی بواری بەهرە و یارمەتیدانی دایكوباوك لەچۆنەتی مامەڵەكردن لەگەڵ منداڵی بەهرەمەند.**

**لەلایەكیتر خستنەڕووی ئەوەی كەئایا بەهرە تایبەتە بەهەندێ منداڵ و چۆن منداڵی بەهرەمەند بناسین چونكە ئەمە بەگرفتی گەورەی بەردەك مامۆستایان و داكوباوك و پەروەردكاران دادەنرێت، ئەمە جگە لەئاماژەكردن بەوەی كێن ئەوانەی بەهرەمەندن؟**

**قوتابی لەرووییەكی تر دەتوانێ سوود لەم بابەتە وەربگرێت لەزانینی كێشەكانی منداڵی بەهرەمەند لەگەڵ خێزان و پزیشك و ئاماژەكردن بەكێشەكانی لەگەڵ قوتابخانە, لەلایەكیتر ئاشنادەبن بەتایبەتمەندیەكانی منداڵی بەهرەمەند لەڕووی جەستەیی و ئەقڵی و هەڵچوویی و كۆمەڵایەتی.**

**هەروەها خوێندنی گرنگترین پێویستیە دەروونی و پەروەردەیی و كۆمەڵایەتیەكانی منداڵی بەهرەمەند سوودێكی گرنگ دەگەیەنێت بەقوتابیان بەو پێیەی دەتوانێت لەدواڕۆژی وەك مامۆستایەكی سەركەوتوو كاتێ مندالێكی نامۆ و جیاواز بەم شێوەیەی هاتە پێش بتوانێت بەباشترین شێوە یارمەتی بدات و وابكات پەرە بەتواناكانی خۆی بدات , لەلایەكیتر ئاشناكردنی قوتابیانە بەوەی ئایا منداڵی بەهرەمەند دەتوانێ بەردەوام بن لەگەڵ هاوڕێكانیان یان نا.**

**لەكۆتاییدا ئاماژەكردن بەچۆنیەتی گەشەپێدانی توانای منداڵی بەهرەمەند و ئاماژەكردن بەڕێگاكانی دۆزینەوەی منداڵی بەهرەمەند و پێوانەكردن و دەستنیشانكردنی بەهرە.**

**ئەمانە و چەندین بابەتی تر لەكرۆكی بابەتی سایكۆلۆژیای بلیمەتەكان دەخوێندرێن تاوەكو قوتابی بتوانێت دوای تەواوكردنی قۆناغی زانكۆیی و بەكەڵك وەرگرتن لەم بابەتە و ئەم ساڵی خوێندنەدا كەسێكی كارای نێو كۆمەڵگا بێت و لەهەر شوێنێكی پەیوەندیدار بەپیشە و پسپۆریەكەی هەلی كاری بۆ رەخسا ئامادەیی تیادا هەبێت بۆ خزمەتكردن.**

**١١. ئامانجەكانی كۆرس**

**بەو پێیەی كەپاشەرۆژی قوتابیانی بەشی باخچەی منداڵانی كۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی پیشەیان**

مامۆستایەتیە لەباخچەکانی منداڵان, بۆیە ئەم کۆرسبوکە یاخود ئەم بابەتە چەند ئامانجێك لەخۆدەگرێت تاوەکو قوتابیان بتوانن سوودی لێ وەربگرن بەشێوەیەکی پراکتیکی لەداهاتووی خۆیاندا.

یەکێك لەمانە ئاشناکردنی قوتابیانە بەباسکردن و خستنەڕووی سایکۆلۆژیای منداڵی بەهرەمەند. هەروەها شارەزابوونی قوتابیانە چەمکە پەیوەندیدارەکانی بەهرە جۆرەکانی بەهرەداران و خستنەڕووی هۆکاری گرنگیدان بەبەهرەدار و داهێنەران و پۆلێنکردنی بەهرە و ئەقڵی باڵا، لەلایەکیتر نیشاندانی ڕەهەندەکانی بەهرە خستنەڕووی ئەوەی ئایا بەهرە تایبەتە بەهەندێ منداڵ و چۆن منداڵی بەهرەمەند بناسین

هەروەها ئاماژەکردن بەکێشەکانی منداڵی بەهرەمەند لەگەڵ خێزان و پزیشك و قوتابخانە و هستنەڕووی پێویستی دەروونی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی منداڵی بەهرەمەند و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵی بەهرەمەند، لەهەمانکاتدا خستنەڕووی تایبەتمەندی جەستەیی و هەڵچوونی و کۆمەڵایەتی و ئەقڵی منداڵی بەهرەمەند و ئاماژەکردن بەچۆنیەتی گەشەپێدانی تواناکانی منداڵی بەهرەمەند.

لەکۆتاییشدا ئاماژەکردن و شارەزاکردنی قوتابیانە بەپێوانەکردن و دەستنیشانکردنی منداڵی بەهرەمەند و خستنەڕووی شێواز و ڕێگاکانی دۆزینەوەی منداڵی بەهرەمەند.

**١٢. ئەرکەکانی قوتابی**

١. ئامادەبوونی قوتابیان لەنێو پۆل.

٢. تاقیکردنەوەی لەناکاوی رۆژانە

٣. بەشداریکردن و دەربڕینی بۆچوونی سەبارەت بەو بابەتانەی کە لەنێو پۆل تاوتوێ دەکرێن و دەخوێندرێت.

**١٣. ڕێگەی وانە ووتنەوە:**

١. ڕێگای وانەبێژی
٢. ڕێگای هەژاندنی مێشك
٣. ڕێگای گفتوگۆ

**١٤. سیستەمی هەڵسەنگاندن**

**. لە (٤٠٪)ی نمرەکان تایبەتە بە:**

**- لە ( ٣٠٪ )ی تایبەتە بەتاقیکردنەوەی قوتابیان .**

**- لە ( ١٠٪ )ی تایبەتە بەچالاکی و تاقیکردنەوەی لەناکاوی ڕۆژانە.**

| |
|---|
| ٢. لە (٦٠٪)ی نمرەکان، تایبەتە بە تاقیکردنەوەی کۆتایی کۆرسی یەکەم، کە کاتی دیاریکردن و دەستپێکردنی لەکاتی خۆی دیاری دەکرێت. |
| **١٥. دەرئەنجامەکانی فێربوون** بەو مەرجەی کەتۆی قوتابی ئامادەییت هەبێت لەوانەکان ، چالاکیت ئەنجام دابێت و بەشداریت لەگفتوگۆکانی نێو پۆل کردبێت ، بەدواداچوونت کردبێت بەدوای زانیاریەکان، ئەوا بەدڵنیاییەوە لەچەند لایەنێکەوە دەبیت بەکەسێکی پێگەییشتوو ، چونکە تۆ لەرێگەی بابەتەکانەوە ئاشنایەتیت لەگەڵ کۆمەڵێ چەمك و وشە لا دروست دەبێت سەبارەت بەسایکۆلۆژیای منداڵی بەهرەمەند و رێگای جۆرەکانی و هۆکاری گرنگیدان بەم چینە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵیان و ... ، بەمەش ئاستی زانیاری و مەعریفیت گەشەی بەخۆوە دەبینێت. بەمەرجێك خوێندنەوەت بۆ بابەتەکان هەبێت. لەلایەکی تر تۆ کاتێ لەدوارۆژ کۆلێژ تەواو دەکەیت لەرێگەی ئەو زانیاریانەی کەوەرت گرتوون ، دەتوانیت کەسایەتیەکی باش بۆ خۆت بنیات بنێیت و هەستی باوەڕ بەخۆبوون لات دروست بێت ، هەروەها بتوانیت لەرێگەی ئەو زانستەی کەلات هەیە بەبێ ترس و شەرم و دڵەراوکێ پراکتیزەی پیشەی خۆت بکەیت لەداهاتوودا و بتوانیت زۆر بەباشی هەر قوتابیەکی جیاوازت بێتە پێش بەسەرکەوتوویی دەستنیشانی بەهرەکەی بکەی. لەهەمانکاتدا ئەم بابەتە فێری ئەوەت دەکات بتوانی بەئاسانی رێگاکانی دۆزینەوە و پێوانەکردنی منداڵی بەهرەمەند بدۆزێتەوە. لەکۆتاییشدا دوای تەواوکردنی ئەو بابەتە تۆی قوتابی هەگبە و نازناوی پیشەکەت زانیاریەکی نوێ یاخود بڵێین کۆمەڵێ زانیاری دەخرێتە سەر ، بەمەش دەرفەتێکت بۆ زیاتر دەرەخسێنێت ، بۆ بەدەستهێنانی هەلی کار لەپسپۆریەکەی خۆت لەداهاتوو کە باخچەکانی منداڵانە و سەرکەوتووش بیت تیایدا. |
| **١٦. لیستی سەرچاوە**<br>• **سەرچاوە بەزمانی عەرەبی:**<br>١. طه، د. سهام علی وعثمان، د. امینة محمد، (٢٠١٩)، **الأطفال الموهوبون**، الطبعة الاولى، دار النشر الدولي، سودان.<br>٢. بخيت، د. صلاح الدين فرد، ( ٢٠١٥ )، **الأطفال الموهوبون**، سلسلة الاصدارات المكتبية المحكمة ، الاصدار الاربعون.<br>٣. سليمان، أ.د. علي، ( ب.ت.ط )، **طفلك الموهوب (اكتشافه-رعايته-توجيهه)**، سلسلة سفير التربوية. |

| ١٧. بابەتەکان | ناوی مامۆستای وانەبێژ |
|---|---|
| - بەرچاوخستنێکی گشتی برگە و بابەتەکانی ئەم وانەیە.<br>- تیشك خستنەسەر هۆکار و گرنگی خوێندنی ئەم بابەتە.<br>- ئاماژەکردن بەچۆنیەتی خوێندنی بابەتەکە. | |

| | |
|---|---|
| | - نماییشکردنی سەرچاوە پشت پێ بەستراوەکان لەخوێندنی بڕگەکانی ئەم بابەتە. ( هەفتەی یەکەم )<br>- چەمکی بەهرە<br>- چەمکی داهێنان<br>- چەمکی منداڵی بەهرەمەند<br>- چەمکی بلیمەت ( هەفتەی دووەم )<br>- زیرەکی و بەهرە<br>- جۆرەکانی بەهرەداران ( هەفتەی سێیەم )<br>- هۆکاری گرنگیدان بەبەهرەدار و داهێنەران ( هەفتەی چوارەم )<br>- ئەقڵی باڵا و بلیمەتی<br>- پۆلێنکردنی بەهرە و ئەقڵی باڵا ( هەفتەی پێنجەم )<br>- ڕەهەندەکانی بەهرە<br>- ئایا بەهرە تایبەتە بەهەندێ منداڵ؟<br>- چوار شێوە لەپەیوەندی نێوان بەهرە و داهێنان هەیە ( هەفتەی شەشەم )<br>- چۆن منداڵی داهێنەر و بەهرەدار بناسین<br>- کێن ئەو منداڵانەی بەهرەمەندن ( هەفتەی حەوتەم )<br>- کێشەکانی منداڵی بەهرەمەند لەگەڵ خێزان و پزیشك<br>- کێشەی منداڵی بەهرەدار لەقوتابخانە ( هەفتەی هەشتەم )<br>- گرنگترین پێویستی دەروونی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی بۆ منداڵی بەهرەمەند<br>- ئایا منداڵی بەهرەمەند دەتوانێ بەردەوام بێ لەگەڵ هاوڕێکانی<br>- چۆن مامەڵە لەگەڵ منداڵی بەهرەمەند بکەین ( هەفتەی نۆیەم ) |

- تايبەتمەندی ئەقڵی منداڵی بەهرەمەند
- تايبەتمەندی جەستەيی منداڵی بەهرەمەند
- تايبەتمەندی هەڵچوونی و كۆمەڵايەتی منداڵی بەهرەمەند

(هەفتەی دەيەم )

---

- چۆن گەشە بەتوانای منداڵی بەهرەدار بدەين
- پێوانەكردن و دەستنيشانكردنی بەهرە
- شێواز و ڕێگاكانی دۆزينەوەی بەهرەمەند ( هەفتەی يازدەم )

---

**تێبينی: ئەگەری بوونی هەر گۆڕانكاريەك لەپلانی ئەم كۆرس بووكەدا دەكرێت , وەك زيادكردنی بابەتێك يان لابردنی , ياخود جێگۆڕكێكردنی بابەتەكان , لەم گۆڕانكاريانەش قوتابيان ئاگادار دەكرێنەوە.**

١٨. بابەتی پراكتيك

نييە

١٩. تاقيكردنەوەكان

**١. دارشتن: جۆرەكانی بەهرەداران چين ، بيانخەرەڕوو؟**

**٢. ڕاست وچەوت: نيشانەی ڕاست بەرامبەر دەستەواژەی ڕاست و نيشانەی چەوت بەرامبەر دەستەواژە هەڵەكان دانێ:**

**- ڕێگای خودی بەيەكێك لەشێواز و ڕێگاكانی دۆزينەوەی بەهرە دادەنرێت. ( )**

**٣. بژاردەی زۆر:**

**خوليای خوێندنەوە و نووسين لای منداڵی بەهرەمەند يەكێكە لەتايبەتمەنديەكانی:**

**- ئەقڵی - هەڵچوويی - جەستەيی - كۆمەڵايەتی**

٢٠. تێبينی تر

**قوتابيان دەتوانن لەچوارچێوەی ئەم سەرچاوانەی كەئاماژەم پێكردووە دەربچن و ئەوانيش زانياری بەدەست بهێنن لەڕێگەی سەرچاوەی تری جيا لەم سەرچاوە.**

**٢١. پێداچوونەوەی هاوەڵ**

**پ. ی. د. سلوى احمد أمين**